www.kurdistannet.org
26-2-2007 19:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خولی ئۆلۆمپی 2012 نزیکەی 66، 17 ملیار دۆلاری ئەمەریکی تێدەچێت ... ئەنوەر خەراجیانی

ئەمڕۆ بەرواری 24 / 2 / 2007 لە ڕۆژنامەکاندا چەند ڕاپۆرتێك بڵاوكراو نەتەوە لەسەر بودجەی ئۆلۆمپیاتی 2012 کەبڕیارە لە لەندەن ساز بکرێت کە دەگاتە بڕی 17، 66 ملیار دۆلاری ئەمریکی ئەمەش چوار ئەوەندەی ئەو بودجەیەیە کە شارەکە تەرخانی کردووە بۆ میواندارێتی ئۆلۆمپیادەکە. ڕادیۆی بەریتانیا ڕایگەیاند کە وەزیرانی دارایی و ڕۆشنبیری و وەرزش لێکۆڵینەوە دەکەن لەسەر ئەم بابەتە کە وا



بڕیار بوو بڕی پارەکە 4، 6 ملیار دۆلار بێت بەڵام بەرەو زیادبوون ڕۆی هێشتا ژمارە ی کۆتایی ڕانەگەیەندراوە. شایانی باسە لێپرسراوانی حکومی ڕایان گەیاند کە تەنها ئیش وکاری بینای تایبەت بە یاری یەکانی ئۆلۆمپیاد بڕی 6، 5 ملیار دۆلاری تێدەچێت هەروەها 4 ملیار دۆلار بۆ داپۆشینی مەسرەفی هەر دواکەوتنێک کە ڕووبدات سەبارەت بە خولەکە، وە دابین کردنی بارێکی ئاسایشی تەواو لە کاتی خولەکەدا بڕی 1، 76 ملیاریان بۆ داناوە. لەهەمان کاتدا وەزیری ڕۆشبیری لە حکومەتی سێبەر (ئۆپۆزیسیۆن) ی بەریتانی هۆگۆ سوایر ووتی ژمارەکان زۆر گەورەن و داوای لە وەزیری دارایی کرد بەرپرسیاری خۆی وەرگرێت و بۆ بەریتانی یەکانیشی ڕوون بکاتەوە بە تایبەتی کە هەر ئەو بوو بودجەی پێشووی ئیمزا کرد. ئەوەی شایانی باسە مانگی تشرینی دووەم | نۆڤەمبەری پێشوو وەزیری ڕۆشنبیری بەریتانی تیساجویل لە بەردەم پەرلەماندا ڕایگەیاند کە هەموو مەسرەفی ئۆلۆمپیادەکە بڕی 6، 47 ملیار دۆلاری تێدەچێت. بەڵام ڕەخنەگرانی حکومی حکومyزۆر نیگەرانن و دوودڵن بەرامبەر توانای حکومەتەکەیان بۆ دابین کردنی هۆکانی هاتوچۆ لە کاتی خولەکەدا هەروەها ئەو زیادەیەی کە دابین دەکرێت دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو کەسانەی کە باج دەدەن لە بەریتانیا وایان لێدەکەن شتومەك گرانتر بکەن. لەندەن لە حوزەیرانی| یۆنیۆ ساڵی 2005 هەڵبژێردرا بە ڕێکخەری ئۆلۆمپیادی 2012.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.